

زنجیرەی

# لادەری و تێگەیشتنی هەڵە

چەمکی ئەم ئایەتە لە ڕووانگەی ڕێکخراوە توندڕەوەکان چیە:
﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ﴾

چاپی یەکەم

١

Kr

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على أشرف الأنبياء والمرسلين
سيدنا ونبينا محمد الأمين وآله وصحبه أجمعين

# تۆزێک تێفکرین

چەمکی ئەم ئایەتە چیە: ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ﴾، ﴿الظالمون﴾، ﴿الفاسقون﴾ [1].

ئایا لە ڕووانگەی ئێوەوە مەدلولی ئەم ئایەتە هان دان بە نیشتەجێ کردنی حوکمی خودایە، ئەگەرچە بە تەمەسوک بە شەڕ و کوشتار بێت؟ ئایا فکر ئەکەنە کە بە بۆنەی بە دی هاتنی ئەم ئایەتە ئەبێ لە نێوانی موسوڵمانانادا خەباتێک ڕوو بدات؟ هەڵبەتە هەندێک بەم جۆرە لە ئەم بابەتە تێگەیشتونە! چ کەسگەلێک ئەم ئایەتە بەم جۆرە تێگەیشتوونە؟ ئەم ئایەتەیان چۆن تەفسیر کردووە؟ ئایەکو ئەم جۆرە تێگەیشتنە درووسە؟

پرسیار: خاوەنەکانی ئەم هەنۆکە تندو تیژانە چ تەگەیشتنگەلێکیان هەیە لەم ئایەتە؟

بیردۆزەرەکانی گرووپە تند و تیژەکان بە ناوی ئیسلامەوە بڕوایان ئەوەیە کە هەرکەسێک سەرنج بە میناهجی شەریعەتی اللە حوکم نەدا کافرە و خەبات لەگەڵ ئەو واجبە و کوشتنیشی حەڵاڵە. تەنانەت کەسێ کە بۆ سەرۆکایەتی وڵاتەکەی کەسێک هەڵبژێر کات کە ئەو سەرۆکە بە ویفقی شەرعی خودا عەمەل ناکات، ئەویش کافرە و کەسێک کە یاسا دانراوەکان لە دەسووری کاری خۆی قەرار دەدات، وەها کەسەک بۆ خودا شەریکی داناوە و بنەمای ئەم حوکمەی ئەوان، تەگەیشتنیان لەم ئایەتەی قورئانە:
﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ﴾.



پرسیار: چ تەئسیرێک لەسەر تێگەیشتنی هەڵە ئیجاد دەبێت؟

- تەکفیر کردنی زۆرینەی ئۆممەتی ئیسلامی و پەیوەندی دانی ئەوان بە جاهلیەتی موشریکانە.
- بانگهێشت کردن بە تەکفیری سەرۆکەکان و دەسەڵاتدارانی موسوڵمان.
- درووس بوونی هەنۆکە تەکفیری و جیهادیەکان و پێشڕەوی ئەوان بە لایەنی ڕێکخراوەکانی داعشی هاوچەرخ
- پاساو دانەوەی خەبات و خوێن ڕشتن بە چەنگ دان لە ئایەتەکانی قورئان.

[1] - المائدة آية (٤٤، ٤٥، ٤٧)

## سەرەتای ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەر چ بورهەیێک لە مێژوودا؟



یەکەم: خاڵی سەرەتایی

**ابوالاعلی مودودی** ١٣٢١ - ١٣٩٩هەتاوی ١٩٠٣ - ١٩٧٩زائینی

ئەو بە تێگەیشتن و بۆچوونی هەڵەی خۆی سەبارەت بەم سێ ئایەتە پەیوەندی بە حوکمی خودای عزوجل دەفەرمووی: قورئان ئەفەرمووێ: بەڕاستی کە هەر حوکمێک کە دژ بە حوکمی خودا بێت، تەنیا هەڵە و حەرام نیە، بەڵکوو، کوفر، گومڕاهی، ستەم و فیسقە و هەر حوکمێک کە بەم جۆرە بێت، حوکم و داوەریەکی جاهلانەیە و مادامێک کە ئینسان کفر نەکات بەوە، پێی کافر دەبێ[١].



دووهەم: ئەڵقەی پەیوەندی بە ئەعمالی مەیدانی

**سید قطب** ١٣٢٤ - ١٣٨٦هەتاوی ١٩٠٦ - ١٩٦٦زائینی

لە سەرەتای بیردۆزەکانی سەید قوتب، ئەندیشەی حاکمیەت یان سەروەکایەتی هەیە، ئەم بیردۆزەی لە ابواعلی مودودی بە دەس هێناوە، بە ئەم تەفاوتە کە ئەوەی سەر خستووە و ئومورێکی مەترسیداری لەسەر بەنا کردووە، و بنەما و ژیربەنایەکی دڵتەزێنی لە کاتی تێگەیشتن لەم ئایەتە داناوە. هەروەها کە بۆ هەموو فروعاتی ئەوە مەسەلەیەکی بڕوایی داناوە و بە هۆی ئەوە حوکمی بە تەکفیری هەموو ئەو کەسانە داوە کە بە غەیر ما أنزل الله حوکمیان کردووە، هەرچەندە کە ئەو کەسە بە ڕاستەقینەیەتی و وەحی خودا بڕوای بووە[٢].
ئەم بابەتە لە قسەکانی سەبارەت بە تەفسیری ئەم ئایەتە: ﴿وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ﴾ ڕوون دەبێتەوە.
هەروەها کە دەڵێ: وە ئەم وەسف کردنە بە مانای ئەوە نیە کە ئەمە حاڵەتێک بجگە لە ئەو وەسف کردنەیە کە لە ئایەتی ﴿وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ﴾ بە کفر موتەسەف کراوە، بەڵکوو ئەوە بە مانای زیاد کردنی سیفەتێکی ترە بو ئەو کەسانەی کە بە غەیری ئەوەی خودا ناردوویەتیە خوارەوە حوکم دەدەن. بۆیە، وەها کەسێک بە ئەم ئیعتبارەوە کافرە کە ئولوهیەتی خودای سوبحانی بە جێ هێشتووە و بۆ بەنەکانی الله خۆی تایبەتمەند بە تەشریع داناوە و شتێکی ئیدعا کردووە کە حەقی خودایی ئەڵلایە بو تەشریعی خەڵک.



سێهەم: تەئیید و تەئکید

**محمد قطب** ١٣٣٧ - ١٤٣٥هەتاوی ١٩١٩ - ٢٠١٤زائینی

تەشریع بە غەیری ما انزل الله و ڕازی بوون بە تەشریع و یاسایەک کە دژ بە ما أنزل الله بێت، هەر دو حاڵەت لە سەر حوکمی خودان-نقض لاألە ألا الله هستند. بۆیە حوکمی یەکلا هاتووەتە خوارەوە و خودا فەرموویەتی : ﴿وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ﴾ بۆیە، جێگایەتی کە ببینین چۆن ئەم تێگەیشتنە مونقەتیعە لە فەهمی سەلەف لە ئەم ئایەتانە، بە ئەم شێواز سەرسووڕهێنەرە وارد بووە و لە ئاخری ئاحادی ئۆممەت بە جاهلیەت و کفر تۆمەتبار دەکرێت.



١ - الخلافة والملك أبو الأعلى المودودي
٢ - انظر ظلال القرآن لسيد قطب ٢| ٨٨٧ ١٧

## ساتێک توێژینەوە

ئایەکـو تێگەیشـتنەکانی پێشـوو لەگـەڵ ڕێنماییەکانـی نەبـەوی و فەهمـی سـەحابە و سـەلەفی سـاڵح و عولەمـای ئۆممـەت هاودەنگـە؟



دەبـێ پرسـیار بکرێـت کـە ئـەم ئایەتـە لـە کـوێ و سـەبارەت بـە چ کەسـانێک هاتووەتـە خـوارێ؟

عەسری نەبووەت

ئـەم ئایەتـە لـە مەدینـەدا هاتووەتـە خوارەوە و لـەو کاتـەدا جوولەکـەکان سـەبارەت بـە دوو کـەس کـە زینایـان کردبـوو، لـە حـەزرەت ئیسـتفتایان کـرد و تـەواوی ئـەم ئایەتانـە سـەبارەت بـە کافرەکان هاتوونەتـە خـوارێ

تەفسـیری وەرگێڕانـی قورئـان و زاناکانـی ئۆممـەت، حەزرەتـی عەبـدوڵای کـوڕی عەبـاس ڕەزای خـودا لـە هەردووکیـان بـێ ١٧ هەتـاوی.

تـاووس لـە ئبن عەباسـەوە ڕیوایـەت دەکات سـەبارەت بـەم ئایەتـە: {وَمَـنْ لَـمْ يَحْكُـمْ بِمَا أَنْـزَلَ اللَّـهُ فَأُولَئِـكَ هُـمُ الْكَافِـرُونَ} کـە فەرمـووی: "مەبەسـت لـەم ئایەتـە کفـری ئیسـتڵاحی نیـە" و لـە عیبارەتێکـی تریشـدا فەرمـووی: "مەبەسـت کوفرێکـە کـە ئـەو کەسـەی مورتەکیبـی ئـەوە لـە دینـی ئیسـلام دەرناچـێ." و لـە ڕیوایەتێکـی تـردا فەرموویەتـی: "مەبەسـت لـە کوفـر، کوفـر بەبـێ کوفـر، و سـتەمی بـێ سـتەم، و فیسـقی بەبـێ فیسـقە."

### جەرح و تەعدیل

ئایا کەسێک لە سەر تەفسیری ئیبن عەباس لەسەر ئەم ئایەتە ناڕەزایی خۆی دەربڕیوە؟ ئەرزشی ئەم ناڕەزایی دەربڕینە تا چ ئاستیکە؟

- ناڕەزایـی دەربڕینـی یەکـەم: لـە سـەنەدی ڕیوایـی پێشـووی هیشـام کـوڕی حەجیـر هەیـە کـە هەندێکـی لـە ئـەو سـەنەدانەی زەعیـف زانیـوە.
- وەڵام: بـۆ ڕاسـت بوونـی هیشـام کـوڕی حەجیـر هـەر ئەمـە کافیـە کـە بوخـاری و موسـلیم لـە کتێبەکانیانـدا لـە ئـەو ڕیوایەتیـان کـردووە و هـەروەوا ئیـمام سـەفیان ثـوری لـە مەسـام موتابیعەتـی کـردووە و هەروەهـا سـفیان بـن عیینـە ئـەم حەدیسـەی لـە ئـەو ڕیوایـەت کـردووە.
- ناڕەزایی دەربڕینـی دووهـەم: "دەسـتەواژەی کوفـر بەبـێ کوفـر" لە قسـەکانی تاووسـە نـەک لـە قسـەکانی ئیـبن عەبـاس، هەروەهـا کـە عەبـدوڕەزاق ڕیوایەتـی کـردووە.
- وەڵام: ڕاوی ئـەم دەسـتەواژەیە، لـە ئیـن عەبـاس، سـفیان بـن عینیەیـە و سـفیان لـە عبدالـرزاق قابلـی متمانەتـرە، بۆیـە لـە ئـەو موقەددەمتـرە و ئـەم ڕیوایەتـەی حاکـم لـە موسـتەدرەکە کـە ئـەوەی تەسـحیح کـردووە و ذهبـی لەگـەڵ ئـەوەدا ناکۆکـی خـۆی دەربڕیـوە.



**دەرئەنجام:** **ئەم ناڕەزایی دەربڕینە بێ بنەما و غەیری قابلی حوججەتان لە ڕەدی تەفسیری ئیبن عەباس سەبارەت بەم ئایەتەیە پیرۆزە.**

# تێگەیشتنی گەورەکان و ئەکابری عولەما لەم ئایەتە چ بووە؟

امام احمد بن حنبل ٢٤١هـ

اسماعیل بن سعد دەڵێ: من لە احمد بن حنبل سەبارەت بەم ئایەتە: ﴿ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾. پرسیارم کرد، ووتی: مەبەست کوفرێکە کە خاوەنی ئەوە لە ئیسلام دەرناچێ بە هۆی ئەوەوە.[1]

ابن عبدالبر ٤٦٣هـ

«عولەما ئیجماعیان هەیە کە جەور و ستەم لە حوکمی گوناهە کەبیرەکانە و بو کەسێک کە بەئەنقەست و لە ڕووی پێزانینەوە مورتەکیبی ئەوە ئەبێت، لەم بابەتەدا ئەحادیسەک لە سەلەف ڕیوایە کراوون. خودای عز و جل فەرموویەتی: ﴿ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾، ﴿الظَّالِمُونَ ﴾، ﴿الْفَاسِقُونَ ﴾، ئەم ئایەتە سەبارەت بە ئەهلی کتەت هاتووەتە خوارەوە و حوزەیفە و ئیبن عەباس وتوویانە: ئەمە بۆچوونی گشتمانە کە مەبەست کفرێک نیە کە مورتەکیبەکەی ئەوە لە ئیسلام پێی دەردەچێ، هەرکاتێک یەکێک لە ئەهلی ئیسلام مورتەکیبی ئەوە بێت، بە مەنزەلەی کەسێک نیە کە بە اللە، فریشتەکان، کتێبەکان، پێغەمبەرەکان و ڕۆژی قەیامەت کافر بووە.[2]

امام قرطبی ٦٧١هـ

«خەوارج لە ڕووالەتی ئەم فەرمایشتەی خودا: ﴿ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ ﴾ بۆچوون و لێکۆڵینەوەیان ئەوە بووە کە جێبەجێکەری گوناه کافرە، بەڵام ئەم ئایەتە دەلیلێک بۆ ئەوان نیە؛ چونکە ئەم ئایەتانە سەبارەت بە جوولەکەکان هاتوونەتە خوارێ کە کەلامی خودایان بە لاساری کیشاندووە؛ هەروەها کە لە حەدیسدا هاتووە و ووتویەتی کە ئەوانە کافرن، بویە لە حوکمەکەی ئەوەدا بوون بە هۆی نزولی ئەو ئایەتە.[3]

## ئایەکو جمهوری عولەما هاودەنگن لەگەڵ ئیبن عەباس لە تەفسیری ئەم ئایەتە؟

بەڵێ، جمهووری عولەما لەگەڵ فەهمی زانای ئۆممەت، حەزرەتی ابن عباس رضی اللە عنهما هاودەنگن، کە مەبەستیان لەم ئایەت، (کوفر بەبێ کوفرە)، واتە مورتەکیبی ئەم ئایەتە تەکفیرنابێ، هەروەها کە هەندێک نەک بە عینوانی حەسر، بەڵکوو بە عینوانی نموونە لە ژێری ئەم ئایەتەدا ناو دەبەین:

| | |
|---|---|
| عبد الرزاق بن همام الصنعاني | ٢١١هـ - تفسير الصنعاني |
| أبي محمد عبد الرحمن بن أبي حاتم الرازي | ٢٧٧هـ - تفسير ابن حاتم |
| ابن جرير الطبري | ٣١٠هـ - جامع البيان |
| أحمد بن علي أبو بكر الرازي المعروف بالجصاص | ٣٧٠هـ - أحكام القران |
| محمد بن أحمد القرطبي | ٤٦٨هـ - الجامع الاحكام القران |

١ - سؤالات ابن هانئ ٢|١٩٢ .

٢ - التمهيد ٥|٧٤ .

٣ - المفهم لما أشكل من تلخيص مسلم , لأبي العباس أحمد القرطبي٢|١١٦ .

| | |
|---|---|
| الامام أبو مظفر السمعاني | ٤٨٩هـ - تفسير السمعاني |
| محمد بن نصر المروزي | ٢٩٤هـ - تعظيم قدر الصلاة |
| عبدالحق بن عطية الأندلسي | ٥٤١هـ - المحرر الوجيز لابن عطية |
| أبو بكر محمد بن عبدالله المعافري | ٥٤٣هـ - أحكام القران لأبي بكر بن العربي |
| أبو الفرج بن الجوزي | ٥٩٧هـ - زاد المسير لابن الجوزي |
| محمد بن عمر التيمي البكري الرازي | ٦٠٦هـ - تفسير الرازي |
| ابو العباس أحمد بن عمر القرطبي | ٦٥٦هـ - المفهم لما أشكل من تلخيص مسلم |
| الحسين بن مسعود البغوي | ٥١٦ هـ - معالم التنزيل |
| عبدالله بن أحمد النسفي | ٧١٠هـ - تفسير النسفي |
| احمد ابن تيمية | ٧٣٨هـ - فتاوى ابن تيمية |
| علي بن محمد إبراهيم الشيحي علاء الدين | ٧٤١هـ - تفسير الخازن |
| محمد بن يوسف بن حيان الأندلسي الجياني النفري | ٧٤٥هـ - تفسير البحر المحيط |
| محمد بن محمد جزي الكلبي الغرناطي | ٧٤١هـ - التسهيل في علوم التنزيل |
| أبو إسحاق إبراهيم بن موسى الشاطبي | ٧٩٠هـ - الموافقات |
| ابن أبي العز الحنفي علي بن علاء الدين الدمشقي | ٧٩٣هـ - شرح العقيدة الطحاوية |
| القاضي أبو السعود | ٩٨٣هـ - تفسير أبو السعود |
| محمد صديق خان | ١٣٠٧هـ - فتح البيان في مقاصد القرآن |
| محمد علي الشوكاني | ١٣٥٥هـ - فتح القدير |
| أحمد مصطفى المراغي | ١٣٧١هـ - تفسير المراغي |
| الشيخ عبدالرحمن بن ناصر السعدي | ١٣٧٦هـ - تفسير السعدي |
| محمد الأمين الشنقيطي | ١٣٩٣هـ - تفسير أضواء البيان للشنقيطي |

سەرنج بە زیکری ئەقوال و ووتارەکانی عولەمای ئەهلی سوننەت و جەماعەت، بەڕاستی دەتوانین ببینین کە تێگەیشتنی مەراجیع هاوچەرخ لەگەل بۆچوونی ئەوانەی کە حوکم بە ما انزل اللە دەکەن موخالیفن، هەروەها کە ئەلبانی لە سلسلة صحيح آلبابی ١٠٦/٦ و ابن عثيمين لە کتێبی: التحذير من فتنة الكفير لاپەڕەی ٦٨ بەوە تەسریح دەکات

# کورتە

## دەرئەنجامی تێگەیشتنی توندوتیژانە

- مونجەر بە تەجاوەز لە سنۆرەکانی شەریعەت لە ئاستی تەکفیری موسوڵمانان.
- تەکفیری ئەو کەسانەی کە بە حوکمی ئەم حاکمانە ڕەزامەند بوونە و ئەوانیان بە عینوانی حاکم هەڵبژاردووە یان لە بەرامبەریان ساکت دەمێنن.
- دژایەتی لەگەڵ فەهم و ڕای سەلەفی ساڵح بریتی لە: سەحابە و تابێعین و سایەری عولەمای ئوممەت
- بڵاو کردنەوەی قەتل و حەڵاڵ زانینی خوێن ڕشتن و نابود کردنی کەسە بێگوناهەکان و تەوجیهی شەڕە ناوخۆکان بە تەمەسوک بە زیندووکردنەوەی خەلافەت و حوکم دان بە ئەوەی خودا نازڵی کردووە.

## دەرئەنجامی تێگەیشتنی عولەمای ئۆممەت

- تێگەیشتنی توندڕەوانە و بە لاساریا کێشراو لە ئەم ئایەتە هاودەنگ لە تێگەیشتنی خەوارج لە قەرنی یەکەمی کۆچیە.
- هەرکەس بە ئەنقەست حوکم بکات بە غەیری ئەوەی خودا ناردوویەتیە خوارەوە، مورتەکیبی مەعسیەت و گوناهی کەبیرە بووە و خودا لەگەڵیدا حەسێب و کتێب دەکات.
- هەرکەس وەهای کرد، لە دایەرەی ئیسلام دەرنەچووە و خوێنیشی مەعسوم و کوشتنیشی ناجایزە.
- لەسەر عولەما واجبە کە ئەو کەسە بە شێوازێکی ئەحسەنەوە پەند و ڕێنمایی بدەن.

**بزانە کە خەوارج بەمەوە لێکۆڵینەوەیان هەیە کە هەرکەسێک بە غەیری ما أنزل الله حوکم بکات، کافرە و ئەلی سوننەت پێی دەڵێن: بە تەرک کردنی حوکم کەس کافر نابێ.**

ئیمام سەمعانی

١٣ - تفسير الإمام السمعاني ٢|٤٢

# زنجیرەی لادەری و تێگەیشتنی هەڵە

پێغەمبەری خودا سڵام و درودی خودای لەسەر بێت فەرموویەتی: (لە هەر نەسڵێک دادگەر و عادڵەکانی ئەو، ئەم زانیاریە فێر ئەبن، و لادەری دانی دەسدرێژان و زۆرووتنی ئەهلی باتڵ و تەئویلی نادانەکان پارێزداری لێ دەکەن)[1].

تێگەیشتنی هەندێک لە خاوەنەوانی بیر و بڕوا لادەرەان لە کەلام و ووتاری الله سبحانە و تعالی بە شێوازێکە کە لەگەڵ مەنهەجی زانستی بە میرات گەیشتوو لە سەلەف ساڵەح هاو ئاهەنگی نیە، و لەگەڵ ئامانجەکان و نرخە مەزنەکانی وەحی ئیلاهی ناکۆکە.
تێگەیشتنیان ئەوەیە کە هەندێک لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز کە سەبارەت بە غەیری موسوڵمانان هاتووەتە خوارەوە، دەربارەی موسوڵمانانە.
و سەرنجیان بە ئایەتگەلێک ڕاکێشا کە بە هەڵاوێر وەر گیراوەتەوە، بۆیە سەرنج بە ئەو ئایەتانە ئەحکامێکی گشتیان پێکهێنا و مەبەستەکانی ووتاری خودایان کیشا بە لاساری بە شێوازێک کە بوو بە هۆی قووڵ بوونەوەی چەمکانێک لە ژێرایەتی موسوڵمانان کە هەڵەیەکی و ئاشکرا و ناپەسەند بوون، کە بە هۆی ئەوانەوە سرۆشت و کردارگەلێک گەیشتن بە ئەنجام کە هیچ پەیوەندیەکیان بە دینی ئیسلامەوە نیە.

لەماوەی ئەم بەشەکانی جۆراوجۆری ئەم زنجیرە پەیوەندی دارە سەبارەت بە مانعاکانی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز زور لێکۆڵینەوەمان دەبێت، ئەو لادەری و لاساریانەی کە خاوەنەکانی بیر و ڕای توند و تیژ تووشی هاتوون پێکەش دەکرێت، بێگومان جیاوازی ئەمانە لەگەڵ تێگەیشتنی پێغەمبەر صلی الله علیە و و آلە و صحبە و سلم و سەلەفی ساڵەح و شەریعەتی خاوێن.

١ - حەدیسی بەناوبانگی ابن عبدالبر، ڕیوایەتی کردووە لە احمد کوڕی حنبل کە ووتویەتی: ئەم حەدیسە سەحیحە.

SANAD

www.sanad.network
twitter: @sanadnetwork
facebook.com/sanadnetwork
youtube.com/sanadnetwork

DAR AL FAQIH
PUBLICATION & DISTRIBUTION